# بارانی مەرگ

## مەرگی شارێک هەر لە خەون دەچوو

**سەنگەر عەبدوڵڵا**

ئەنجام ساڵح هەژار لە ساڵی ١٩٦١ دا لە گەڕەکی پیر محمد لە هەڵەبجە لە دایک بووە، لە بارەی مەرگەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و نەهامەتییەکانی دوای ژەهر باران و ئاوارەی ئێران و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، دەستگیرکردن و گواستنەوەیان بۆ نوگرەسەلمان ئاماژەی بەوە کرد:

سەعات ١١:٤٥ دەقیقە فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق گەیشتنە سەر ئاسمانی هەڵەبجە و بۆردومانی شاریان کرد، لەو کاتەدا من لەناو بازاڕی هەڵەبجەدا بووم لە نزیک باخی گشتی، دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان زۆر گەورە بوون، بە ڕاکردن ڕووم کردە ژێرزەمینەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەڵەبجە، بۆردومانەکە بەردەوام بوو، هەوڵم دا ئەو شوێنە بەجێ بهێڵم، چونکە کەوتبووەوە ناوەڕاستی شارەوە و بۆردومانەکە بە چڕی دەیگرتەوە، لە کۆڵانەکەوە ڕووم کردە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی سەرا، دەمویست بگەمە ماڵی خۆمان، لە ڕێگا لای خوارەوەی یەکەم ماڵی گەڕەکی خۆمان پاسدارێکم بینی پاسەوانی بۆمبایەکی نەتەقیبووەوەی دەکرد، من ڕام دەکرد بەرەو لای ماڵی خۆمان لەو کاتەدا ئەو پاسدارە ئاگاداری کردم کە لەو بۆمبا نەتەقیوە دووربکەومەوە، ڕەنگی بۆمباکە شوشەیەکی ئاوی بوو، بە زەحمەتێکی زۆر خۆم گەیاندە ماڵی حاجی عەلی مستەفا خانەلی دراوسێمان، ئەوان ژێر زەمینێکیان هەبوو، هەرکاتێک تۆپباران بووایە، ئێمە و زۆر لە خەڵکی گەڕەک خۆمان دەگەیاندە ژێرزەمینەکەی ئەوان، پێم وتن: خانەوادەی حاجی عەلی لێرەن؟

وتیان: نەخێر ئەوان چوون بۆ ماڵی خاڵە عوسمانت لە گەڕەکی کانی قولکە ، ئینجا بیرم کەوتەوە کە بەیانیەکەی ماڵی ئێمە پێیان وتم: ( ئێمە دەچینە ماڵی خاڵە عوسمان دەروێش باڵەخانە). بۆردومانەکە هەر بەردەوام بوو بواری نەدەدا بچینە دەرەوە یان شوێنەکەمان بگۆڕین، دوای ماوەیەک دەنگی تەقینەوەیەکی زۆر بەهێز بەر گوێمان کەوت، لەرینەوەکەی ئەوەندە توند بوو دەرگای سەلاجەی ئەو ماڵەی کردەوە، کە چوینە دەرەوە، بۆمبێکی گەورەمان بینی لەسەر جادەکە کەوتبوو، قیرەکە دەکولا، هیچ نیشانەیەکی پارچەمان بە دیوارەکەوە نەبینی، هەرچەندە ئەم بۆمبە زۆر گەورە بوو، بەڵام نە هیچ شوێنێکی ڕوخاندبوو، نە شوێنەکەیشی زۆر چاڵ کردبوو هیچ پارچەیەکی تیژمان لە تەقینەوەی ئەم بۆمبەدا نەبینی، من سەرم لە تایبەتمەندیەکانی ئەم بۆمبە سوڕما، ئەو کاتە دوو بەرمیل نەوت لە نزیک سەر ڕێگای بامۆک دانرابوو، بەرمیلەکان گڕیان گرت و سیمی کارەباکان پچڕابوون و کەوتبوونە سەر زەوی، دەبوایە زۆر بە وریایی بەو شوێنانەدا ڕاببورینایە بەرەو پشتی ماڵەکان، بەشی ناوخۆی لای باخی میر بوو لە بینایەکی سێ نهۆم و ژێرزەمینێک پێک هاتبوو کە گەیشتمە ئەوێ نزیکەی ٤٠٠ ژن و منداڵ لەو بینایەدا بوون بۆردومانەکە بەردەوام بوو لە سەعات ٤ ی ئێوارە زیاتر بوو، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ هەموو توانای خۆم بخەمە گەڕ بۆ ئەوەی لە شار دەرچم، چونکە نەمدەتوانی خۆم بگەیەنمە ماڵی خاڵە عوسمانم لە کانی قولکە، هەوڵم دا بەناو ئەو هەموو بۆردومانە چڕەدا خۆم بگەیەنمە گوڵان و باوەکۆچەک، ئەوەم بە بیردا هات ئەگەر ئەوان دەرچوبن ئەوا دەیاندۆزمەوە، ئەو کاتانەی کە فڕۆکە جەنگیەکان بۆمبەکانیان هەڵدەڕشت و دەگەڕانەوە، من بە ڕاکردن لە شوێنەکەی خۆمەوە ڕووم دەکردە شوێنێکی تر بە ناو کانی عاشقاندا خۆم گەیاندە گوڵان، لە گوڵانەوە ڕوانیمە هەڵەبجە ئاسمانی هەڵەبجە هەمووی ببوو بە تۆز و خاکەکەی بەرەو قوڵایی ئاسمان بەرز بوبووەوە، ئەو ساتانە زانیم کە فڕۆکەکان چەند بە ورد و چڕی هەڵەبجەیان بۆردومان کردووە، ئەو دەمانەی کە لە ناو هەڵەبجەدا بووم بە بەردەوامی خاولیەکی تەڕم گرتبوو بە لوتمەوە تا گەیشتمە سەرقەبرانی هەڵەبجە، بەو شوێنە دەڵێن گوڵانی سەروو ماوەیەک لەو باخەدا دانیشتم، بۆ ئەوەی بۆردومانەکە کەم ببێتەوە و بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان بۆ ناو شاری هەڵەبجە لەوێ هەواڵێکی خانەوادەکەی خۆمان بزانم، چاوەڕوانیەکەی من

بێ سود بوو، چونکە فڕۆکەکان تا ئێوارە هەر بۆردومانیان دەکرد و بواریان نەدەدا کەس بجوڵێتەوە، بۆردومانەکان ئەوەندە چڕ و ورد و بەردەوام بوو دیار بوو نەخشە و بەرنامەکەیان بۆ ئەوە بوو هەموو خەڵکی شار بە تەواوی ڕەشەکوژ بکەن.

چەندان ئۆتۆمبیلی پڕ لە بریندارم دەدی لەناو شارەوە بەرەو دەرەوەی شار دەچوون، زۆر لە بریندارەکان لە هۆش خۆیان چووبوون، چاویان ئاوسابوو، خوێنیان تێزابوو، چەند ئۆتۆمبێلێکی تیمی فریاکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێرانم بینی جل و بەرگی دژ بە کیمیاییان لەبەردا بوو، دەمامکیان بەستبوو، دەستم لێ ڕاگرتن، پێم دەوتن: (منیش لەگەڵ خۆتاندا ببەنەوە بۆ هەڵەبجە) ئەوان دەیانوت: ئێمە خەڵک و بریندار لەناو هەڵەبجەوە دەردەکەین، تۆ چۆن دەبەین بۆ هەڵەبجە هەموو شوێنەکانی ناو شار کیمیاییە، گەر لە ناو شاردا بیت یەکسەر لە شوێنی خۆت دەکەویت و دەمریت، تەنانەت مریشک و وڵاخ و باڵندەش هەمووی بەلادا هاتوون، دنیا تاریک بوو، کە دەمڕوانیە قوڵایی شەوەکە و قوڵایی خەونی یەکجاری خەڵکی شارەکەم وامدەزانی لەناو قوڵایی خەوێکی قوڵدام و بێدار نابمەوە، ئەو هەموو شەپۆلە خەڵکەم دەبینی لەو ڕێگا و بانانە ڕێچکەیان بەستبوو هەندێکیان لەبەر خۆیانەوە قسەی سەیر و سەمەرەیان دەکرد، هەندێکی تریان پێدەکەنین و پەلاماری ئاویان دەدا بۆ ئەوەی دەم و چاویان بشۆن، دیمەنی ئەو خەڵکەش کە کۆچ و ڕەویان دەکرد لای من وەک خەونێکی هەڵبزرکاو وابوو، هەندێ لە بریندارەکان لەو ڕێگایانە بەلادا دەهاتن و گیانیان دەسپارد، دواتر هێزەکانی ئێران گەلابە و لاندکرۆزەریان دەهێنا و بریندار و خەڵکیان پێ دەگواستەوە، منیش ڕووم کردە گوندی مۆردین کە کەوتبووە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەوە.

لە ١٧/ ٣ دا فڕۆکە جەنگیەکانی عێراقم لە ئاسماندا بینی دژە هەواییەکانی ئێران لەسەر بەرزاییەکانی ڕوباری سیروانەوە دەسرێژیان لێ دەکردن، ئێمە لەگەڵ شەپۆلی خەڵکەکەدا بەرە و گوێ ڕوباری سیروان دەچووین، بەزەحمەتێکی زۆر گەیشتینە خوارەوە بۆ کەناری ڕوبارەکە، خەڵکەکە بە قەیاغ دەپەڕینەوە، زۆر بە خاو و خلیچکییەوە ئەو خەڵکەیان لەمبەر ئاوەکەوە دەپەڕاندەوە بۆ ئەوبەر ئاوەکە، بریندار و خەڵکەکە بێشومار بوو، ئەوبەر ئاوەکە ئەوەندە خەڵکی زۆری لێ کۆبوبوەوە، هەموویان چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بوون، ئەو تاک تاک ئۆتۆمبیلەی دەهاتن

بەهانای خەڵکەکەوە لە ئاستی ئەو ڕوداوە گەورەیەدا نەبوون ،ئەو کاتەی کە لەسەر قەیاغەکە ئافرەتێک منالّی بوو، داوای چەقۆیان کرد بۆ ئەوەی ناوکی منالّەکە ببڕن، لەوبەر ئاوەکە بە گەلابە و ئەسعاف خەڵکەکەیان دەگواستەوە بۆ شارەکانی ئێران، لەبەر ئەوەی شەو بوو لەوێ نەماندەزانی لە کام جێگا و لە کام شارین دواتر زانیمان ئەو شوێنە قەزای کەنگاوەرە، لە قوتابخانەیەکی ئەوێ دانراین، لەوێ تا هەفتەیەک نەیاندەهێشت کەس لێمان نزیک بێتەوە، خەڵکی ئەوێ حەزیان دەکرد لە نزیکەوە هاوکاریمان بکەن، کە لێمان نزیک دەبوونەوە بە حەزەرەوە سەردانیان دەکردین، زوربەی خێزانەکان لەیەکتر دابڕابوون، زۆربەمان دەمانویست ڕێگەمان بدەن بە دوایاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، نەماندەزانی ئەو ژمارە بێشومارە لەو ماوە کورتەدا شەهید و بریندار کراوە، لێپرسراوانی ئێران دەیانزانی شەهید و برینداڕەکان زۆرن و چەندان کەس ون بوون، هەواڵەکانیان لە ئێمە دەشاردەوە ئەم ڕۆژ بۆ ئەو ڕۆژیان پێ دەکردین، دەیانوت بۆتان دەدۆزینەوە، من لەو بەڵێنە بێزار بووم، ڕووم کردە تاران سەردانی نەخۆشخانەی (رازی) و (لباقی نەژاد) و چەندین نەخۆشخانەی ترمان کرد، نەخۆشخانەکان پڕبووبوون لە بریندار چەندان برینداریان بە هۆی کاریگەری زۆری برینەکانیانەوە دوا هەناسەیان سپاردبوو، لەبەر ئەوەی هەندێکیان هیچ ناسنامەیەک و کەسێکیان لەوێ لەگەڵدا نەبوو لە لیستی شەهیدەکاندا نوسرابوو (مجهول الهویە) بە خاک سپێرابوون، هەندێکیان کەس و کارەکانیان هاتبوون بەو شوێنیاندا تەرمەکانیان بردبووەوە، ڕۆژێک لەو بیمارستانانەدا کارگوزارێکی هاوکاری کردین، بە نهێنی هەندێک لەو تەبەلانەی نەخۆشخانەکەی نیشانداین، من سەیری زۆربەی تەبەڵەکانم کرد، بە دوای ناوی ئەندامانی خانەوادەکەماندا دەگەڕام، چەندان شتی سەیر و سەمەرەم لەو تەبەلانەدا بینی، هەندێکیان ئافرەت بوون پارەیان پێ بووە، هۆشیان لەدەست دابوو، نەیانتوانی بوو ناوی خۆیان تۆمار بکەن، لەسەر تەبەڵەکەیان نووسرابوو (خانم مجهول الهویە)، بەلام باسی شێوەی دەم و چاو ڕەنگی قژو بالاو تەمەنیان بۆ تۆمار کرابوو، ڕێژەی ئەو پارەیەی کە پیان بوو هەر لەتەبەڵە کەدا تۆمار کرابوو، هەندێکی تر ناوی خۆی لەسەر تەبەڵەکە نوسی بوو، بەلام لە زۆربەی تەبەڵەکان نوسرابوو (از پخش عفونی زنان بە شهادت رسید)، دواتر من چومە کەرەج، وتیان خەڵکی زۆر براوەتە ئەوێ، لەوێ بۆ (نقاهتگای ایران خودرو) ڕۆیشتین، مەجلیسی ئەعلای

لێ بوو، زۆر یارمەتیان داین و ڕێنماییان کردین، لە مەجلسی ئەعلا بەشی کوردی هەبوو زۆر ڕێنماییان کردین وتیان برۆنە (نقاهتگای ایران خودرو) کە چوینە ئەوێ، لەوێ بینایەکمان بینی، چوینە ژوورەوە، لەوێ سەربازێک بەجلوبەرگی سەربازییەوە دانیشتبوو، ڕیزی لێ گرتین و وێنەکانی لەگەڵ ناوەکان دا خستە بەردەممان، لەبەرئەوەی شێوەی ڕووخساریان شێوابوو کەسمان نەدەناسیەوە، چوار دەوری چاوی هەموویان سپی ببوو نازانم چی لێ درابوو چەورکرابوو یان دەرمانی لێ درابوو، وێنەی دەم و چاوەکان لەوێنەکان دا بەهۆی کاریگەری کیمیاییەکە شێوابوو، ناوەکانیشیان بەخەتێکی فارسی ناشرین نوسرابوون، گەڕاین بەناویان دا زۆر هیلاک بووین، هیچ ئەنجامێکم دەست نەکەوت زۆر لەو ناوانەم دەناسی، هەندێکیان شەهید ببوونو هەندێکی تریان بریندار ببون، دوای چارەسەر کردن گەڕابونەوە بۆ ئۆردوگاکانی (هەرسین و سەنقورد) دوای مانگێک لە ژنێکی هەڵەبجەییم بیست کە خانەوادەکەی ئێمە لەگەڵ خانەوادەی خاڵم کە ژمارەیان (٢١) کەس بوون هەر هەموویان پێکەوە گیانیان سپاردووە، بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە، مۆڵەتی ڕێگام وەرگرت و گەڕامەوە، کە گەیشتمە ماڵی خۆمان لەگەڕەکی پیر محمد دوای ئەو هەموو شەهیدە، کەلوپەل و شتەکانی ماڵەکەشمان تاڵانکرابوون زۆر شتی تری ماڵەکەمانیان لەم لاو ئەولا بڵاو کرابووەوە، وتیان حاجی باقی خانەوادەی ئێوەی بەخاک سپاردوە، سەردانم کرد وتی: نەخێر من ئاگام لەوە نیە، چووم بۆ لای مەهدی لە عەبابەیلێ وتیان: ئەو دەزانێ کەچووم بۆ لای هیچی پێ نەوتم، لەکاتی گەڕانەوەدا زۆر بێزار و دڵتەنگ بووم، حەیوانم لەناو ڕێگای ڕانێکی عەبابەیلێ دا بینی کوێر ببو،چاوەکانی نەیدەبینی وەک، بەرد ڕەق ببوون، ئەوەندەی تر دڵم گوشرا، دنیام لێ تاڵ بوو، دواتر ڕووم کردە ئەو ژێر زەمینەی کە خانەوادەی خۆمان و خاڵە عوسمانی تێدابوو، بۆنێکی ئەوەندە توندی لێوە دەهات بە پەلە پشتوێنەکەی خۆم بە توندی گرت بە دەم و لوتمەوە، بەڵام هەر نەمدەتوانی بە پلیکانەکان دا بچمە خوارەوە بۆ ژێر زەمینەکە، چونکە وتیان یەک تەرمی تیا ماوە، سەیری دیوارەکانم کرد قژە سەر و هەندێ لەپێستی شەهیدەکان بە دیوارەکانەوە مابوو، دیار بوو ماوەیەکی زۆر ئەو شەهیدانە پاڵیان بە دیوارەکەوە دابوەوە، ئەم قەسابخانە کۆمەڵکوژییەی ناو هەڵەبجە ئەوەندە گەورەبوو، کەتەرمی شەهیدەکانیان کۆدەکردەوە فریای ئەوە نەدەکەوتن لەکاتی خۆیدا بیان

نێژن.

بێ هیوابووم لەئەندامانی خانەوادەکەم کە لە ژیاندا مابێت، هەندێ لەو کەلوپەلانەی کە لە ماڵی خۆمان دا مابوون گواستەوە بۆ بیارە، لەوێشەوە گەیاندمە ئێران، سێ مانگ لە ئێران مامەوە، لەو تەنیایەدا ڕۆژانە دەچوومە شوێنێکی چۆڵەوەو دەستم دەکرد بەگریان، کەس نەبوو دڵنەواییەکم بکات.

تەنیا دوو براو دوو خوشکم مابوون لەسلێمانی بوون، بیرم لەوە کردەوە بگەڕێمەوە بۆ لای ئەوان بۆ ئەوەی ئاهێکم بە بەردا بێتەوە، لەو کاتەدا شەڕی عێراق — ئێران وەستا، من سەربازی هەڵاتوو بووم کە گەڕامەوە ڕووبەڕووی ئەنفال بوومەوە کەشەڕی عێراق — ئێران وەستا خەڵکی هەڵەبجە لە ناو ئۆردوگاکانی ئێران دا زۆر بێزار بوون، ئەوان بەو جۆرە ژیانە ڕانەهاتبوون کەلەناو ئۆردوگاکاندا هەر لەزیندان دەچوو، لە ناو ئۆردوگاکاندا مقۆمقۆی ئەوە بڵاو ببوەوە، کەوا ڕژێم خەڵک دەباتەوە بۆ هەڵەبجە و خێمە یان بۆ دابین دەکات، ئێرانیش گەلابە و لۆری بۆ ئەو خانەوادانە دابین دەکرد کە دەگەڕانەوە، من ناوی خۆم و ئامۆزایەکم کە پێنج منداڵی وردی هەبوو لەیەکێک لەو کاروانانەدا نوسی بۆ گەڕانەوە.

لە سەرەتای مانگی ٧ ی ١٩٨٨ دا، لە سەریاسەوە گەڕاینەوە بۆ سنوری ئێران — عێراق لەمەرزی تەوێڵەوە گەیشتینە سەر سنور، سەربازە عێراقیەکانم وەک دڕندە دەهاتە بەر چاو، هەستم کرد گەڕانەوەکەمان لەباش ناچێت ئەو کاتە نمایندەی ئێران (مهمان شهری حلبجە) بوو لەسەریاسەوە لەگەڵمان دا هات بۆ سەر سنور، لەوێ زنجیرەی ناوی ئەوانەی کەلە ئێران گەڕا بوینەوە دایە دەست ئەفسەرە عێراقیەکە و گەڕایەوە بۆ هێنانی کاروانێکی تر، ئێمە لەسەر ئەو مەرزە بێ خواردن و خواردنەوە دانیشتین، دوای سێ ڕۆژ بە کاروانێکی گەورە گوێزراینەوە بۆ (ǻʒłǸǍ Ǽǂǿł) ی سلێمانی لەوێ هەڵسوکەوتیان وەک، تاوانبار لەگەڵ دا دەکردین و لەناو گۆڕەپانی تەوارییەکەدا دایان نان، کەلوپەل و شتی خەڵکی وەک ئێمە لە لایەکی تەوارییەکە کەڵەکە کرابوو، دیاربوو ئەوانەیان لێرەوە گواستبوەوە بۆ شوێنی ترو بواریان پێ نەدابوون کەلوپەلەکانیان بگوێزنەوە، زۆری وەک ئێمە کەلوپەل و تەلەفزێون و سەلاجە و غەسالەو شتی تریان لەئێران کڕی بوو، بۆ ئەوەی ماڵێکی نوێ بۆ خۆیان پێک بهێننەوە، چونکە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە زۆر ماڵ تالانکرا.

بەڵام لەوێ ناوی هەموو شتەکانیان تۆمار کرد و هەر هەموویان تاڵانکرد، ڕۆژانە بەکێبڵ لیان دەداین و ئیهانە دەکراین، خواردن نەبوو، شلەیەکیان بەسەردا دابەش دەکردین، ئاوێکی بێ تامی ڕوون بوو هەندێکیان توشی نەخۆشی سک چوون بوون، شەوانە تا سەعات ٢:٣٠ چەند جارێک سەرژمێری ئەو خەڵکەیان دەکرد، ناوی چواری و ساڵی لەدایکبوون و جۆری ئیشیان لەهەموومان دەپرسی و تۆماریان دەکرد، من پێنج شەو لەوێ خەوم لێ نەوکەوت، دواجار توانام نەما خەوم لێ کەوت، کەخەبەرم بوەوە لەسەر شارە مێرولەیەک خەوتبووم، مێرولەکان ئەوەندەیان گەستبوم هەموو گیانم سوور ببوەوە، ئێوارەیەکیان چەند پاسێکو ئۆتۆمبیلی تایبەتی تەواریان هێنا، بەیانیەکەی هەموومانیان لەناو گۆڕەپانی ناو تەوارییەکەدا بەڕیز کۆکردەوە لیژنەی ئەمنی سلێمانی و بەهاوکاری ئەمنی هەڵەبجە لە ژوورێکی تایبەتیدا دانیشتبوون کۆبونەوەیان دەکرد، من لەڕیزی دواوە بووم خۆم گەیاندە پێشەوە، دوو ئەمن لە نزیکمەوە بە عەرەبی قسەیان دەکرد، ئەمنێکیان وتی: ئەمانە دەڵێن: (خەڵکی هەڵەبجەین، بەڵام خەڵکی هەڵەبجە کوا ماوە، ئەمانە خانەوادەی موخەریبن)، لەمەوە بۆ دەرکەوت کەوا ئێمە نابەن بۆ ئۆردوگاکانی ئەڵلایی، دەمان بەن بۆ شوێنێکی دووری نادیارو نازانین چارەنووسمان چی لێ دێت، ئەمنەکانی تەواری ژن و پیاویان لەدوو ڕیزی جیادا ڕێکخست و یەک بە یەک بە جیا سواری پاسەکانیان کردین ئەمنێک دەمانچەیەکی بەدەستەوە بوو سەرپەرشتی پاسەکەی ئێمەی دەکرد، بە بەردەوامی کام جنێو زۆر سوکە پێی دەووتین لەپێشی پاسەکان نوسرابوو (njĀǆǩ ǳʒɫɛƤ) بۆ ئەوەی هەرکەسێ ئێمەی لەو پاسەدا ببینێ وابزانێ ئێمە سەر بە وەزارەتی نەوتین. پاسەکان کەوتنە ڕێ یەکێک لە پیاوەکان لە ڕێگادا وتی: بۆ کوێمان دەبەن، ئەمنەکە بەتوڕەییەکەوە کە دەربڕینەکەی ئیهانە کردنێکی وا بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر پرسیار نەکەینەوە وتی: (دەتان بەین بۆ ئەو شوێنەی سواری یەکترتان دەکەین)، پاسەکان ڕێگای کەرکوکی گرتە بەر لە تۆبزاوە لایان داو ناویان نوسین بەغداد، پەنجەرەکانی پاسەکە لە (٢٥*١٥) سم دەبوو، لەترسی ئەمنەکە کەس نەیدەوێرا سەیری دەرەوە بکات، مانگی تەمموز بوو، دنیا بە جۆرێک گەرم بوو ئێمە لە ناو پاسەکەدا عەرەق بەهەموو جەستەمان دا دەهاتە خوارەوە، کاروانی ئۆتۆمبیلەکان بە بەردەوامی ڕێگای دەبڕی نەمان دەزانی گەیشتوینەتە کوێ، دوای چەند سەعاتێک گەیشتینە شوێنێک

زۆر ماینەوە، ئەو ئەمنانەی کە لەگەڵماندا بوو گەڕانەوە، ئەینجا زانیم ئێرە بەغدادە، لەوێ ئێمەیان سپارد بە ئەمنی (سەماوە) پاسەکان بەبێ وەستان کەوتنە ڕێ لە ڕێگا خەومان لێ کەوت، شەو بوو ئۆتۆمبیلەکان بە بەردەوامی هەر بەڕێگاوە بوون، کاتێک کەدنیا ڕووناک بووەوە، هیچ شتێکمان نەبینی جگە لە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵ، لە سەعات (٩) ی بەیان گەیشتینە شوێنێک ئەم ناونیشانە لەسەر پارچەیەک ئاسن لە قەراغ جادەکە چەقێنرابوو خوێندەوە (حدود بلدیە السعودیە ناحیە سلمان)، ئۆتۆمبیلەکان هەر دەڕۆیشتن لەدورەوە قەڵایەکی گەورەمان بینی، لە هەر چوار لاوە قوللەی چاودێری هەبوو، لە دەرگای گەراجێکی تەلبەند کراو نزیکەی ٢٠ ئۆتۆمبیل چوینە ژوورەوە، لەو کاتەدا کە ڕیزیان دەکردین جەللادێکیان بە کێبڵ پیاوێکی هاواری داگرتەوە، کێبڵەکانی بەتوندی دەکێشا بەسەری دا، لەبەر ئەوە تووشی خوێن بەربوونی ناوەوە بوو هەر ئەو شەوە گیانی لەدەست دا.لەوێ هەموو ئەو کوردانەمان بینی لە پەنجەرەی شیش بەندە ئەستورەکانەوە سەیری ئێمەیان دەکرد، مشکی و جامانەیان بەستبوو، ژنەکانیش جلی کوردیان لەبەردابوو، یەک بە یەک ناویان دەخوێندینەوە و بە سەر هۆڵەکاندا دابەشکراین، هۆڵەکانی ئەوێ زۆر پیس بوو، لەبەر ئەوە هەموومان هۆڵەکانی خۆمان بەبێ ئاو پاککردەوە لەوێ بێ ئاو نان ماینەوە، ناو بەناو یەکێک لە جەللادەکان دەهات یەکێکانی دەبردە دەرەوە تێر و پڕیان لێ دەدا و دەیان هێنایەوە شوێنەکەی خۆی، ئەم زیندانە دوو نهۆم بوو بریتی بوو لە ٣٢ هۆڵ، بە شێوەی چوار گۆشەی بەرامبەر بە یەک بوون، گۆڕەپانێکی گەورە لە ناوەڕاستی دا بوو، ٢٣ کۆڵەکەی ئاسن دانرابوون بۆ هەڵواسین و ئەشکەنجە دانی زیندانیەکان، هەموو ڕۆژێک بەیانی یەک سەمون و ئێوارە یەک سەمون بۆ یەک زیندانی لەگەڵ نەختێک ئاو، کە تەنکەرە زەردەکەی شارەوانی دەیهێنا، هەندێک جار ئەو ئاوەی کە دەیهێنا ئەوەندە پیس و تاڵ بوو بە زەحمەت زیندانیەکان لە ناچاری و لە تینوا دەیانخواردەوە.

ئەوانەی ئەم ئاوەیان دەخواردەوە دوای ٢٤ سەعات گیانیان لەدەست دەدا، هۆڵەکانی تر پڕبوون لە خەڵکی گوندەکانی گەرمیان و قەرەداغ.

لەوێ ئەوان بۆ یان باسکردین کە زۆر بوون، زۆربەیان لە برسا و لەبەر نەخۆشی گیانیان سپاردووە.

هەندێ لەوانە پیاو و ژنی پیر بوون بۆ کچ و کوڕەکانیان دەگریان کە لە تۆپزاوە جیاکرابوونەوە و کەس نەیبینیونەتەوە لەوێ جوتیارێکی خەڵکی یەکێک لە گوندەکان بە کزییەکەوە پێی وتم: من چووم بۆ شار بۆ ئەوەی هەندێ پیداویستی بکڕم، لە گەڕانەوەم دا لە سەر جادەکە وەستابووم چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلم دەکرد، پاسێک هات دەستم لێ ڕاگرت، وەستا سواریان کردم پڕ بوو لەخەڵکی گوندەکان، هەر کە گەیشتمە ئەوێ هەر چەند هاوارم کرد دادەبەزم کەس گوێی لێ نەدەگرتم، دواتر هێنامیان بۆ ئێرە، هیچ هەواڵێکی خانەوادەکەم نازانم.

ژیانی ئەوێ مردنێکی بەردەوام بوو، هیچ هۆیەک لە هۆیەکانی ژیانی تیانەبوو، لەوێ چایی‌و گۆشتی قوتویان بە مقەبا و پەڕۆ کۆن و نایلۆن لێ دەنا و گەرم دەکردەوە، پۆلیسەکان بە دزییەوە لە دەرەوە شتێکیان بۆ ئەو کەسانە دەکڕی کە پارەیان پێیە، بەڵام بە چەند قات لە نرخی خۆی پیان دەفرۆشتنەوە، شەوان لەو هۆڵەدا تەنیا یەک گڵۆپی ٦٠ واتی تیا بوو، ئەویشیان دەکوژانەوە بۆ ئەوەی دوپشکەکان نەبینین و پێوەمان بدات، شەوان چەند کەسێک دوپشک پێوەی دەدا، بەرپرسی ئەم زیندانە ناوی حەجاج بوو، پیاوێکی باڵا بەرزی چاو ڕەش، سۆپەرێکی سووری هەبوو، ئەم جەللادە چێژی لە کوشتن و ئەشکەنجەدان و ئیهانەکردنی زیندانیەکان دەبینی، بە بەردەوامی خەریکی بەد ڕەوشتی بوو.

شەمخی لە بەر دەست حەجاج دا بوو، ڕەشێکی باڵا مام ناوەندی بوو ئەمیش بەد ڕەوشت بوو، عەقیدێکی پۆلیس و چەند پۆلیسێکیش لەوێ پاسەوانی نوگرە سەلمان بوون.

لەو کاتانەدا نەخۆشی منداڵان بڵاو بوەوە، منداڵەکان نەخۆش کەوتن، هەندێکیان کۆرپە بوون، هەندێکی تریان لەوێ لە دایک ببوون، لە بەر ئەوەی دایکی ئەو منداڵانە هیچ خواردنێکی وایان نەبوو بیخۆن، تەنیا ئێسکەکانیان مابوو، مەمکیان وشک ببوو، ئەو کۆرپە و منداڵانە هیچیان نەبوو بیخۆن چاویان چوو بوو بە قوڵا بە دەم برسێتی و ئازاری نەخۆشیەوە گیانیان دەسپارد منداڵانی ٣ بۆ ٤ساڵیش توشی سک چوون بوون، ڕۆژانە چەند منداڵێک دەمرد، هەر هەموویان دەبردنە دەرەوەی زیندان و تەرمەکانیان لە چاڵێکی لمدا کە نیو مەتر دەبوو دەشاردەوە، شەو سەگەکان تەرمەکانیان دەردەهێنا و دەیانخواردن، کولێرە و تاعون بڵاوبوەوە لەماوەی مانگێک

نزیکەی ٧٠ کەسی خەڵکی هەڵەبجە گیانیان سپارد، ڕۆژی وابوو زیاتر لە (١٧) کەسی خەڵکی هەڵەبجە و گەرمیان لەوێ دەمردن.

لەبەر ئەوەی من عەرەبیم دەزانی و خەتەکەشم خۆش بوو، کرام بە نوێنەری هۆڵەکەی خۆمان کەپیکهاتبوو لە ١٦٥ کەس بە خێزان و سەڵتەوە، من سەمون و ئاوم وەردەگرت، لە هەفتەیەکدا یەک جار چام وەردەگرت و بەسەر هۆڵەکەدا دابەشمدەکرد.

دواتر لێبوردنی گشتی دەرچوو، ڕۆژێک لیژنەیەکی پزیشکی هاتن، ئاوەکانیان پشکنی وتیان ئاوەکان هەر هەمووی برێژن، ئەو ئاوانە بۆ جل شتنیش نابێت، چونکە ئاو بە زەحمەت دەستگیر دەبوو، هەندێ لە زیندانیەکان دڵیان نەدەهات ئەو ئاوەش برێژن، بە زۆر پیان ڕشتن، دواتر لەبەر لێ بوردنەکە و لە بەر بڕیاری دکتۆرەکان ئاوی پاکیان بۆ دەهێنان. دوای لێبوردنە کە ئێمە هەر چاوەڕوان بووین ئازاد بکرێن، بەڵام هیچ کەسێکیان لێ ئازاد نەکردین و کەوتینە گومانەوە، لەمانگی ئەیلول دا لەگەڵ حەجاج دا ڕووبەڕوومان کردە هۆڵەکان، من ناوی پیرەکانی گەرمیانم دەنوسی، حەجاج کێبڵێکی ڕەشی ئەستووری (٢) ئینجی بەدەستەوە گرتبوو، یەک بە یەک زیندانیەکانی دەژمارد، ناو بە ناو بە پێی مەزاجی خۆی کێبڵەکەی دەدا بە سەر پیاوە پیرەکان دا مشکییەکەی بەردەدانەوە.

• ڕۆژێک حەجاج پیاوێکی بەتەمەنی لە گۆڕەپانی نوگرە سەلمان بینی، هەندێ شتی بە دزییەوە لە پۆلیسەکان کڕی بوو، بە ستی بە شیشی گۆڕەپانەکەوە، ٧٦ کێبڵی کێشا بەناو چاو و سەری دا، ئەو پیاوە توشی خوێن بەربوونی ناوەوە بوو، گیانی سپارد.

• ڕۆژێکی تر حەجاج بانگی کردم بۆ ژورە تایبەتیەکەی خۆی پێ وتم: ئەو ئامارانەم بۆ ئامادە بکە دەرگای دۆلابێکیانم کردەوە پڕ بوو لە تۆماری گەورە و نوسراو، دەبوایە ناوی ئەوانەی کەمردون بە پێی لیستی تایبەتی مردووەکان، لە تۆمارە کەدا بە قەڵەمی سوور هێڵم بە ژێر ناوەکەی دا بهێنایە و ناوەکەیم لە فایلی تایبەتی مردوەکانیش دا تۆمار بکردایە، حەجاج بە کێبڵەکەیەوە چووە دەرەوە بۆ گۆڕەپانی زیندانەکە، هەندێ جار فرسەتم دەهێنا سەیری فایلی تۆمارە کۆنەکانم دەکرد پڕبوو لەناوی خەڵکی نەجەف، کەربەلا، عمارە و چەند فایلێکیش پڕ بوو لە ناوی کوردە

فەیلییەکان هەر هەموویان دیار بوو پێشوتر لێرە زیندانی بوون و بێ سەر و شوێن کرابوون.

●بەپێی بڕیاری حەجاج دوای لێبووردنەکە دەبوایە هەموو هەفتەیەک لیستی ناوی ٢٥٠ کەسی گەرمیان و ١٥٠ کەسی خەڵکی هەڵەبجەم لەوێ لە فایلێکی تایبەت تۆمار بکردایە، بۆ ئەوەی بە کاروانێک ئازاد بکرانایە، پێش ئەوەی بگەنە سلێمانی، ماوەی هەفتەیەک لە نەخۆشخانەیەکی سەماوە دەمانەوە، کە پێشوتر چۆڵ کرابوو بۆ زیندانەکانی نوگرە سەلمان دانرابوو لەوێ پشکنینی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ دەکرا، سێ ژەمە خواردنی باشیان پێ دەدان، بۆ ئەوەی ئەو جەستە وشک و هەڵاتوانەی کە پڕبوون لە کەمی فیتامین و وزە، کەمێک تەوژمی چالاکیان بۆ بگەڕێتەوە.

ئێوارەیەکیان ناوی ٢٥٠ کەسی گەرمیان و ١٥٠ کەسی هەڵەبجەم لە دوو لیستی جیاجیا دا بۆ حەجاج تۆمار کرد، سەعات ١١ ی شەو لیستەکەم تەواو کرد، لەبەر ئەوە بڕیاری دابوو کەی تەواوت کرد بۆم بهێنە، ئەو ڕۆژە لیژنەیەکی پزیشکی لە سەماوەوە هاتبوون بۆ چارەسەر کردنی ئەو زیندانیانەی ئەوێ کە تووشی سکچوون و ڕشانەوە ببون، کە چوومە ژوورەکەی ژنە سستەرە قەڵەوە جوانە عەرەبە ئەسمەرەکەی خەڵکی سەماوەم بینی، دیار بوو حەجاج بە زۆر گلی دابوەوە، نەیهێشتبوو لە گەڵ لیژنەکەدا بڕواتەوە، چەند قوتوە بیرەیەک لە بەردەم حەجاج دا دانرابوو، سستەرەکە بە کزییەوە دەگریا، حەجاج هەنارێکی قاژکراوی بۆ گرتبوو بە دەستەوە، دەیویست بیداتێ، کە حەجاج منی بینی بەدەم و چاوێکی تورەوە وتی: (بڕۆ بۆ هۆڵەکەی خۆت بەیانی ناوەکانم بۆبهێنە)، دوای هەفتەیەک ناوی خۆم و ٧٢ کەسی ترم نوسی، ئێمەیان برد بۆ نەخۆشخانەی سەماوە، هەفتەیەک لەوێ ماینەوە دواتر گوێزراینەوە بۆ تۆبزاوە، لەوێ جوتیارێکی گەرمیانی پیرمان لەگەڵ بوو، پێی وتم لێرە ژن و منداڵەکانیان لێم دابڕی، بڕۆم لە کوێ داوا بکەم، بزانم ئەوان لە کوێن و کەی وەک ئێمە ئازاد دەکرێن، من نەمدەزانی چی پێ بڵێم، لە پرسیارەکەی بێ دەنگ بووم، لەو لاترەوە بە ئەمنێکمان وت: ژن و منداڵەکەی من لە کوێن، ئەمنەکە تا هێزی تیا بوو پاڵێکی بە پیاوەکەوە نا فڕێی داو پیاوەکە بە پشتا کەوت، هەستایەوە، بە قوڕگێکی پڕ لە گریانی ئەو پەڕی نا ئومێدییەوە، وتی: تازە دوای ئەوان ژیانم بۆ چییە.

هەموومانیان لە تۆبزاوە برد بۆ یاریگای سلێمانی، هەندێکیان برد بۆ باینجان،

من له یاریگای سلێمانیەوە ڕووەوە و ناو شار هەڵکشام، نەمدەزانی ڕووبکەمە کوێ، کەسوکارەکەم لە هەڵەبجە خنکابوون و سەربازی هەڵاتوبوم دەترسام دەستگیر بکرێم بمبەنەوە بۆ زیندان.